ئەگەر یەکێکتان هەستی بەشتێک کرد لە سکیدا، تووشی گومان بوو ئایا هیچ شتێکی لێوە دەرچووە یان نا، ئەوا با لە مزگەوت دەرنەچێـت هەتاوەکو دەنگێک دەبیستێت یان بۆنێک دەکات

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان هەستی بەشتێک کرد لە سکیدا، تووشی گومان بوو ئایا هیچ شتێکی لێوە دەرچووە یان نا، ئەوا با لە مزگەوت دەرنەچێـت هەتاوەکو دەنگێک دەبیستێت یان بۆنێک دەکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە ئەگەر نوێژخوێن هەستی بەشتێك کرد لەسکیدا، وگومانی لا دروست بوو ؛ ئایا هەوای لێ دەرچووە یان نا؟ نابێت نوێژەکەی بپڕێت ودەستنوێژ بگرێتەوە ؛ هەتاوەکو دڵنیا دەبێت کە دەستنوێژەکەی شکاوە، ئەمیش بەوەی دەنگ ببیستێت یان بۆن بکات، چونکە گومان دڵنیایی هەڵناوەشێنێتەوە، ئەو دڵنیایە کە دەستنوێژی گرتووە وشکانی دەستنوێژەکەی جێی گومانە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65083